حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆلینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

| بەڵگەی ژمارە | ١٧ |
|---|---|

ژمارە: ٢٦٥ /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٨/ ١/ ٢٠٢٢

١٤٦
١٠

# ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢)

## بۆ/ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە / فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی

## بابەت / ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EAI)

بە پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٠١٢٧ لە ٢٠٢١/٨/٢٩) و (١١٤٨١ لە ٢٠٢١/٩/٢١) و ئاماژە بە کۆنووسی لێژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٤٥) لە ٢٠٢١/١١/٣٠ بڕیاردرا بە:-

١- بەرامبەر کرێ ی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EIA) لە خاوەن پرۆژە وەردەگیرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- بڕی ( ٣٠٠٠٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی پۆلینی (أ).

ب- بڕی ( ٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی پۆلینی (ب).

٢- تێچووی کرێ ی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی (EIA) لە کۆی بڕی وەرگیراو کە لە خاڵی (١)ی سەرەوە دیاری کراوە خەرج دەکرێت.

٣- دوای دەرکردنی تێچووی ڕاپۆرت کە لە خاڵی (٢)ی سەرەوە دیاری کراوە، ئەو بڕە پارەیەی کە دەمێنێتەوە ڕێژەی (٦٥%) بۆ گەنجینەی حکومەت و (٣٥%) بۆ هاندانی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی سەر بە دەستەکەتان دەبێت بە پێ ی سەرجەم برگە و خاڵەکانی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠/.

٤- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان.

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی... لەگەڵ ڕێزدا.

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٢/ ١/

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
عنوان- أربيل بجانب برلمان
Address-erbil Beside Parliament
ئیمەیل: it.dep@mofe.gov.krd
ژ.تەلەفۆن: (٠٦٦٢٢٣٠٤٧٤١)
www.gov.kurd